

# تابلۆکان گۆرانی دەڵێن، دیوارەکانیش...

جێگر بەختیار
(هیزۆپ- ڕانیە)

(سفر)

«هەموو شەو تا بەیانی، بە خەیاڵی تۆوە ئەنووم
چاوم هەر لە ڕێگایە و وێنەکەت لە لێو دەسووم» (*)

(١)

من لە سووچێکی ژوورەکەمدا لێت دەڕوانم. تۆ لەسەر لادیوارێکی ژوورەکەم هەڵواسراوی، لە بنمیچێک دەڕوانی، من بەدەم گۆرانی گوتنەوە بیر دەکەمەوە. تۆ بەدەم گۆرانییەوە بووی بە تابلۆ، من نیشتمان هەڕاج دەکەم، تۆ ئازارەکانی دەچڕیت.

«هەڕاجە، هەڕاج. پارچە پارچەی ئەم نیشتمانە هەڕاجە.»

«سیاسییەکی زۆر ڕەو.»

«بەرپرسێکی گەندەڵ.»

«قومارچییەکی خاک دۆڕاو.»

«سەرخۆشێکی خۆ بەهەموو شتزان.»

«بڕوانامەی دەرچوون»

«گۆڕی گەنجێکی شەهید.»

«جووتە پۆستاڵێکی قوڕاوی.»

«بێوەژنێکی بەجێماو.»

«جەنگێکی دۆڕاو.»

«کلاشینکۆفێکی بێ فیشەک.»

«کراسێکی خوێناوی.»

«پاکەتێک جگەرەی (ئێم ئێم)، نرخەکەی پێنج سەت دینارە، بەڵام دوو دانەی تێدا ماوە.»

«چەرخێک، کە غازەکەی خەریکە تەواو دەبێ.»

«تەسبیحێکی قاوەیی. تێبینی: تەنیا یەکجار پساوە.»

«جزدانێکی بەتاڵ.»

«ئەڵقەیەکی فافۆن.»

«کاتژمێرێکی دەسک قایش.»

«کۆرپەیەکی نێو منداڵدان.»

«بێوەژنێکی گەنج.»

«دووگیانێکی بێوەژن.»

«ماڵێکی پڕ لە تەنیایی.»

«هەڕاجە هەڕاج، پارچە پارچەی ئەم نیشتمانە هەڕاج دەکەم، جگە لە فرۆشیارەکەی.»

(٢)

چوار لادیوار بە ڕەنگی پیرۆزەیی (شەذری). خانوویەکی شین. پێنج تابلۆی بچووک. تابلۆیەکی گەورە. چوارپایەکی دوونەفەری، پڕ لە جیکەجیک. دوو سەرینی پڕ لە پەڕ. دۆشەکێکی گەورەی نەرم. سپلێتێکی لەکار کەوتوو. پەردەیەکی گوڵدار. پەنجەرەیەکی تەلدار. سەقفێکی دارین. بنمیچێکی پڕ لە کون. چەند دڵۆپەیەک. بارانێکی بەخوڕ. ڕەشەبایەکی بەهێز. دیوارێکی دەڵەزدار. تیڤییەکی سانسۆڕکراو. مۆبایلی شاشە شکاو. ئینتەرنێتێکی پچڕ پچڕ. سۆپایەکی بێ نەوت. کانتۆرێک جلی لەبەر نەکراو. جلێکی ڕەش. کانتۆرێک جلی پیاوان، لەژووری ژنێکی تەنیا. ئەلبوومێ پڕ لە وێنەی بووک و زاوا. دە پەنجەی بێ ئەڵقە. ئەڵقەیەکی دانراو. دوو چاوی پڕ لە کل. کلی بە فرمێسک شۆڕاو. کلاشینکۆفێکی بێ فیشەک. شەش مەغزەنی بەتاڵ. کراسێکی بەخوێن. دوو پۆستاڵی قوڕاوی. پاکەتێک بە دوو دانە جگەرەوە. چەرخێکی دووسەت و پەنجا دیناری. جزدانێکی بەتاڵ. تەسبێحێکی قاوەیی. کاتژمێرێکی دەستی.

گۆرانییەکی (مەرزیە فەریقی). یادگارییەکی شیرین. ئازارێکی تاڵ. گڵۆپێکی لەرزۆک. کارەبایەکی بێ تەزوو. چەند جووت پێڵاوێکی پاک. ژنێکی تەنیا. دووگیانێکی بێ هاوسەر. ماڵێکی قەرەباڵغ. ژوورێکی چۆڵ. زیندانێکی دەرگا واڵا.

(٣)

بەیانییەکی زوو. لە کافێیەکی هەرزان. لەبەردەم مێزێکی دوو نەفەری. ئینجانەیەک گوڵی سوور، لەسەر مێز. مێزی قاوەیی. کورسی قاوەیی. گۆرانییەکی (مەرزیە فەریقی). یەکەم ژوان. لە یەکەم جێژوان. دوو پیاڵە چای. پاکەتێک جگەرە. چەرخ. تەپڵەک. تەسبیح. مۆبایل.

تۆ بە پاڵتۆیەکی ڕەش و کراسێکی شین و پانتۆڕ و پێڵاوی ڕەش. من بە پاڵتۆیەکی زەرد و بلوزێکی زەرد و پانتۆڕێکی سپی. تۆ دەستت لە ناو گیرفانەکانت و من دەستم لە ژێر چەناگەم. تۆ چاوەکانت دەڕواننە چاوم و من چاوەکانم دەڕواننە چاوت. تۆ گوێ بۆ گۆرانییەکی (مەرزیە فەریقی) ڕادەگری. من گوێ لەقسەکانت. من دەڵێم: «کەی دەچیتەوە دەوام.» تۆ دەڵێیت: «جارێ گوێ لە گۆرانییەکە بگرە.» من دەڵێم: «کە هاوسەرگیریمان کرد واز لە چەکداری بهێنە.» تۆ دەڵێی: «جارێ

گوێ لە گۆرانییەکە بگرە.» من دەڵێم: «ئەو گۆرانییە دۆستە کۆنەکانت بیر دێنێتەوە.» تۆ زەردەخەنەیەک دەکەیت و دەڵێی: «گۆرانییەکان برینپێچن.» من دەڵێم: «لەبەر تۆ حەز بەو گۆرانییە دەکەم.» » تۆ هیچ ناڵێیت، تەنیا سەیرم دەکەی و بزە دەکەوێتە سەر لێوەکانت.

تۆ دەستەکانم دەگری و باسی مووچە کەمەکەت دەکەی، من دەستەکانمت پێ دەدەم و دڵنەواییت دەکەم، تۆ باسی نۆژەنکردنەوەی خانووە کۆنەکەتان دەکەی و من بیرۆکەکانمت پێ دەدەم. تۆ باسی ماڵێکی بەختەوەر دەکەیت و من بەڵێنی مانەوەت پێ دەدەم. تۆ باسی حەزەکانت دەکەیت و منیش بیر لە جێگیر کردنیان دەکەمەوە لەنێو ماڵەکەمان.

(٤)

تۆ بێدەنگیم دەشکێنی. ئەو گۆرانیانە دەچڕی کە حەزت لێیانە. ئەو گۆرانیانەت دەڵێیت، کە حەزم لێ بوون.

تۆ گۆرانی دەڵێیت و من خەوم بیر دەچێتەوە.

تۆ دەنگێکی تۆمارکراویت بە گوێمدا دەچریکێنی، من دەنگێک لە قورگم دەخنکێ؛ گریانە. تۆ خەندەیەک لە سەر وێنەکەت بەجێ ماوە. من شلەیەک لە چاوم دێتە خوار؛ فرمێسکە. تۆ لەناو ئاپۆرا وەستاویت و من لە چۆڵەوانییەک؛ تەنیاییە.

تۆ دەسرۆکەیەک لەدەستت دایە و ڕایدەوەشێنی. من دەسرۆکەیەک تەڕ تەڕ دەکەم.

من هاژەهاژەی با دێتە گوێم. تۆ موزیکێکی نەرم دێتە گوێت. من کل لە چاوەکانم مەلە دەکا. تۆ چاویلکە چاوەکانت دەشارێتەوە. من لەناو قوماشێکی ڕەش ئالاوم. تۆ کراسێکی سپیت لەبەرە.

من چوارمەشقی لە سەر چوارپاکەم دانیشتووم، من ئازارەکانم هۆن هۆن دەمگریەنێ. من تەنیایی دەست لە بینەقاقام دەنێ، من لەژوورەکەم زیندانم.

تۆ گۆرانی یادەوەرییەکانمی. تۆ تابلۆی دڵخوازی هاوسەرەکەم بووی. برینپێچی برینەکانی بووی، تۆ هاوەڵی جێژوانی بووی، ئەی تابلۆی بێدەنگ هەڵواسراو لە ژوورەکەم. تۆ بە دەستەکانی هاوسەرەکەم هەڵواسرای، ئەی کاسێتی پڕ لە گۆرانی غەمگین؛ (مەرزیە فەریقی). گوێ لە گۆرانییە تۆمارکراوەکانت دەگرم و سەیری وێنەکانت دەکەم.

(٥)

بەیانییەکی زوو. بوولێڵە، خاکی نزیک سنوور. دەنگی تەقە. سوپای داگیرکەر. هێرشی لەناکاو. نیشتمان پارێز. جەنگێکی نابەرانبەر. بەرگری کردنی ئەستەم. گەنجێکی بوێر. چەند گەنجێکی دەورەگیراو. فیشەکی کەم، دوژمنێکی زۆر. باران و با. تەمتومان. سەرمایەکی زۆر. لووت و پەنجەی تەزیو. خاکێکی قوڕاوی. نزیک بوونەوەی داگیرکەر. شەڕێکی خوێناوی. ڕاکردنی میلی کاتژمێر. کات تێپەڕین. گوللەیەکی وێڵ. سینگێکی جێ نیشان. دڵێکی گەورە، برینێکی قووڵ. پەراسوویەکی شکاو. فیچقەی خوێن. نووشتانەوەی چۆک. بەربوونەوەی لەش. کراسێکی خوێناوی. دەستێکی بە کلاشینکۆف. کلاشینکۆفێکی بێ فیشەک. کۆمەڵێک قەوان.

خوێن و قوڕ. کلاشینکۆف و قوڕ. فیشەک و قوڕ. قەوان و قوڕ. لاشە و قوڕ. دووچاوی کراوە. دوو پێی خوساو لەناو پۆستاڵ. دە پەنجەی سڕ. پەنجەی سەر پەلاپیتکەی کلاشینکۆف. دەستێک لەسەر جێ برین. سییەکی بێ ئۆکسجین. شەهیدێکی نەمر.

(٦)

تۆ دەست لەسەر سکم دادەنێیت. من دەڵێم: «ئاگات لێیە دەجووڵێت.» تۆ زەردەخەنە دەکەوێتە سەر لێوت. تۆ دەنووشتێتەوە و سەر لەسەر سکم دادەنێی، من پەنجەکانم بەناو قژتدا دەگێڕم. تۆ چاوەکانت دادەخەیت و هەست ڕادەگریت، تۆ قسە لەگەڵ کۆرپەی ناو سکم دەکەیت و من بەقسەکانت دەکەومە پێکەنین، من پەنجەکانم بەناو قژتدا دەگێڕم، تۆ دەڵێیت: «سبەی دەچمە دەوام». من دڵتەنگی دام دەگرێت. تۆ بەڵێن دەدەی زوو بێیتەوە، من دەڵێم: «خۆزگە وازت لە چەکداری دەهێنا». تۆ باسی نیشتمان دەکەی. من سەیری سۆپایە بێ نەوتەکە دەکەم. تۆ دەچیتە لای پەنجەرە و جگەرەیەک دادەگیرسێنی. من لە شوێنی خۆم سەیرت دەکەم. تۆ خەیاڵ دەتباتەوە. من دەستم دەخەمە ژێر سکم و دێم باوەشت لێ دەدەم، تۆ جگەرەکەت دەکوژێنیەوە و لەباوەشم دەکەیت و نیوچاوانم ماچ دەکەی، من دەڵێم: «وریای خۆت بە، چاوەڕێت دەکەین.»

(٧)

خانوویەکی شین، ژوورێکی پڕ لە تەنیایی. ژنێکی دڵتەنگ. گۆرانییەکی غەمگین. بارانێکی بەخوڕ، ڕەشەبای بەهێز. هەورەبرووسکە. سەرماوسۆڵە. لافاوێکی بەخوڕ. سەقفێکی دڵۆپە دەر. کارەبا بڕان. تاریکی. تەنیایی. بومەلەرزەیەکی لەناکاو. لادیوارێکی ڕماو. کەوتنی تابلۆکان. سەقفێکی داتەپیو. ژنێکی تەنیا لەژێر کەرتە بلۆک. هاوار و ئازار. خنکانی دەنگ. برینی کەللەی سەر. خوێن ڕژان. هەناسەتەنگی. جەستەیەکی بێ جووڵە، تاریکی. مەرگێکی بێدەنگ. لاشەیەکی قوڕاوی. هەزار خەونی لەبارچوو. لەدایک نەبوویەکی بێ باوک. منداڵێکی بێ گیان. گۆرانییەکی تۆمار کراو، نیشتمانێکی پڕ لە پینە، وڵاتێکی داڕماو، بێوەژنێکی بێکەس. شەهیدی نیشتمان پارێز، شەڕێکی نابەرانبەر. پچڕانی ژیان. چەندان ماڵی خودان پرسە.

ئازارێکی هاوبەش.

تیڤییەکی پڕ لە قاقا، سیاسی دەوری مێز، چەند گڵاسە شەرابێک. ئاهەنگێکی پڕ لە جۆش. کچە مۆدێلی مەکرباز. بێژەری چەنەباز. هەواڵی پڕ لە درۆ. سیاسەتمەندی دەمامکدار. چەند قومارچییەکی دۆڕاو. پارچەیەک خاکی بێ خاوەن. کۆتاییەکی بێ دەستپێک.

شاشەی تیڤی. کەناڵێکی ناوەخۆ. هەواڵێکی بەپەلە. شریتێکی سوور. ڕەنووسێکی سپی.

– بومەلەرزەیەک سەنتەری شاری هەژاند.

پڕوپاگەندەی برنج، سانتی، ڕۆن، دایبی. قاقا. قاقا. قاقا. پرۆگرامی گاڵتەئامێز. دەستبازی مۆدێلەکان. چاوەشێک هەزەلی.

هەواڵێکی بەپەلە. شریتێکی سوور. ڕەنووسێکی سپی.

– تا دێ قوربانیانی بوومەلەرزەکە ڕوو لە زیادبوون دەکا.

درامای دۆبلاژکراو. پڕوپاگەندەی برنج، سانتی، ڕۆن، دایبی. هەواڵێکی بەپەلە، شریتێکی سوور. ڕەنووسێکی سپی.

– تەرمی چەند قوربانییەک لەژێر باڵەخانە رووخاوەکان بەجێ ماوە.

**تێبینی:** «هەراجە هەراج. پارچە پارچەی ئەم نیشتمانە هەراجە، تەنیا جارێک بەکار هاتووە. کڕیار خۆی بەرپرسە. فرۆشراو وەرناگرینەوە.»

**(*) بەشێک لە گۆرانییەکی مەرزیە فەریقی، شیعری تاریق فەقێ عەبدوڵڵا.**